
# سەید حەکیم چاوی کەوت بە سەرۆکی جووڵەی نەوەی نوێ و گرنگی یەکڕیزی هێزە سیاسییەکان و تەواوکردنی شایستە دەستوورییەکانی دووپاتکردەوە




بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە نووسینگەی خۆی لە بەغدا پێشوازی لە بەڕێز شاسوار عەبدولواحیدی سەرۆکی جووڵەی نەوەی نوی کرد، لەم دیدارە باس لە پێشهاتە سیاسییەکانی ولات و شایستەکانی داهاتوو کرا لەمیانەی ئەو ڕکابەریانەی عێراق پێیدا تێپەڕ دەبێت.

سەماحەتی داوای کرد یەکڕیزی لە نێوان هێزە سیاسییەکان هەبێت و گوتیشی ئەوە لە بەرژەوەندی عێراق و گەلەکەیەتی و بەشداریش دەکات لە پتەوکردنی سەقامگیری سیاسی و کۆمەلایەتی .

.سەماحەتی جەختی کردەوە لەهەمان کاتدا لەسەر پێویستی تەواوکردنی هەر سێ سەرۆکایەتییەکە و پابەندبوون بە کات وساتە دەستوورییەکان، داواشی کرد ڕۆلی ئەنجومەنی وەزیران ئەکتیڤ بکرێت لەهەردوو رووی تەشریعی و چاودێری بە پێیەی کۆڵەکەیەکی سەرەکی بنیاتنانی دەوڵەت و چەسپانی ڕێڕەوی دیموکراسییەتە.